
فەلاح شوان:

# سنوورەکان بەرانبەر بە جوانی تێک شکاون

**ئەم هونەرمەندە کوردە دوای سێ قۆناغی کۆچ، بۆ دوایین جار لە ویلایەتەکانی یەکگرتووی ئەمریکادا گیرسایەوە. فەلاح شوان لە شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان لەدایک بووە. لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو لە پاڵ چەند قوتابییەکی دیکەی شارەکەی، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیی تەواو کرد. ئەم هونەرمەندە دوای تەواوکردنی خوێندن، خولیای هونەری ریالیزم بوو، هەوڵی دا لە داستان و ئەدەبی زارەکیی نەتەوەکەی بە گشتی، بابەت بچنێتەوە و تێکەڵ بە هونەری نیگاری بکات.**

**ئا/ تاریق کارێزی**



دوای تەواوکردنی خوێندن، ئەگەرچی فەلاح شوان لە یەکەمین هەنگاوی کارکردنیدا بوو، بەڵام بە پشتبەستن بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ئەدەبیاتی گێڕانەوە، توانیی کاری باش بکات کە لە باری دیدەییەوە فیگەری بەرجەستەی ئەو داستان و چیرۆکانەی لەبەر دەستدا بوون، بەتایبەت جلوبەرگی کوردی و کەرەستەی هەمەجۆری نێومالّی کوردەواری، ئەم شتانەش بۆ ئەو کانگایەکی لە بن نەهاتووی بابەت و جوانی بوون. ڕەنگە لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بێت کە ئەو وەك پرۆژەیەکی کار لە کەلەپووری نەتەوەکەی خۆی دەڕاونی. جا گۆڕینی گوتاری بیستراو بە گوتاری بینراو، پاشان گەڵاڵەکردنی ئەو گوتارە لە فۆرمێکی بەرزی ستاتیکی، ئەمە هەنگاوێك بوو لە لای ئەم هونەرمەندە لاوە و جێی خۆی گرت. هەرچەندە کۆکردنەوەی تابلۆکانی ئەو کاتی ئەم هونەرمەندە کەبەرهەمی سی ساڵ بەر لەئێستای ئەون، ڕەنگە کارێکی زەحمەت بێت، بەڵام ئەو زەحمەتییە لە بایەخ و گرنگیی ئەو تابلۆیانەی کەم ناکاتەوە، نەمازە کە ئەو بەرهەمانە دەستپێکی کاری ئەون.

ئەو وەرچەرخانە دراماتیکییانەی بە سەر باشووری کوردستاندا هاتن، ڕۆژگارێکیان هێنایەپێش کە ئەو شارەی فەلاح چاوی تێدا هەڵێنابوو بۆ ژیان، لە ساڵی ١٩٩١دا یەك تاکە کەسی تێدا نەما. ئەوە یەکەمین کۆچی فەلاح و ماڵباتەکەشی بوو بەرەو ناوچەی ئازادی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. ئەمەیان لە چوارچێوەی کۆچێکی ناچاری و دەستەجەمعیی نەتەوەیەکدا بوو. فەلاح







لـە پـای بڵاوکردنـەوەی کاریکارتێرێك لـە رۆژنامەیەکـی رۆژانەی باشـووری کوردسـتاندا، لـە سـەرەتای نەوەدەکانی سـەدەی رابردوودا، ناچـار بـوو بـۆ دووەمیـن جار بەرەو سـووریا کـۆچ بکات. لەوێشـەوە لە پاش کردنەوەی پیشـانگا و بەشـداریکردنی لە چەند نمایشـێکی هاوبەشـدا، وەك پەنابـەر لـە ویلایەتەکانـی یەکگرتـووی ئەمریـکادا وەرگیـرا. ئـەو وەك مامۆسـتای هونـەر کاری کـردووە. دوای ئـەوەی دەچێتە ئەمریـکاش، لە زانکۆ پەیمانـگای هونەرە جوانەکانی نیویـۆرك (New York University Institute of Fine Arts)دا خوێندوویەتی، ئێسـتاش لە شـاری کۆلۆمبوس لـە ویلایەتی (ئۆهایۆ) دا نیشتەجێیە.

لـە دواییـن تابلۆکانـی ئـەم هونەرمەندەدا، گۆڕانێکی ریشـەیی لە سـتایل و بـەکار هێنانی رەنـگ، تەنانـەت لە فۆرم و دارِشتنیشـدا بـەدی دەکرێت. لەم رووەوە لە هونەرمەند دەپرسـین ئەم گۆڕانەی ئەتمۆسـفیری تابلـۆ لەبەر چی؟

فـەلاح شـوان دەڵـێ: گۆڕان لـە بواری هونەردا کارێکی ئاسـاییە، ئەزمـوون و تەمەن، واتـە زۆر بینین کاری خـۆی لـە جوانبینـی و تێفکریـن و چێـژ وەرگرتـن و هەڵبـژاردن دەکات. واتە کاتێك کـە کۆمەڵێکی دیاریکـراو لـە بژاردەت هەبێت، بێگومان لەبازنەی بژاردەکانت سـتاتیکات گەشـە دەکات، تـا بازنەکەت فراوانتر بێـت، لـق و پۆپی گەشـەی فراوانترو سـەوزتر دەبێـت. هەروەها منیش پاش خوێنـدن و گەڕانێکی زۆر لە جیهانی شـێوەکاری، گەیشـتمە ئـەوەی کارێـك بکـەم کـە لـەلای خۆم جوانـە، هەرچەنـدە دەوروبـەر زۆر رازی نیـن و کارە کۆنەکانیـان پـێ باشـە، بـەڵام لە کۆتاییدا دەبێت گوزارشـت لـە جوانبینیی خۆت بکەیت. ئاسـان نییە لـەو نێوانەدا بمێنیتـەوە، خەڵـك و خـۆت رازی بکەیـت. هەرچەنـدە ئەمە بووەتە مۆتەکەیـەك و یەخەی من بەرنـادات، زۆر هەوڵ دەدەم ئـەو باڵانسـە رابگرم، بە هیـوام بتوانم.

فـەلاح مرۆڤێکـی رۆژهەڵاتییـەو لـە یەکێ لە وڵاتانـی هەرە پێشـکەوتووی جیهاندا دەژی کە بە بەشـێك لە رۆژاوا دادەندرێـت. پرسـیاری لـێ دەکەیـن، ئاخـۆ جیاوازیـی رۆژهـەڵات و رۆژاوا لـە رووی هونەری شـێوەکارییەوە دەبێ چی بێت؟

ئـەو هونەرمەنـدە کوردە تاراوگەنشـینە بەرسـڤ دەداتـەوە و دەڵێ: هونەر لە هێڵـە گشـتییەکەیدا بابەتێکی مرۆڤ دۆسـتی و جوانبینـی و جوانیـی پەخشـکردنی جیهانییـە، لە سەرتاسـەری جیهانـدا هونەرێك نابینیت بانگەشـە بۆ کوشـتن و دزی و بەد رەوشـتی بکات و ئەم شـتە دزێوانە بە جوانی پیشـان بدات. لەم چەمکەوە جیاوازی لە نێوان رۆژهـەڵات و رۆژاوادا نابینیـن، بـەڵام لـە فـۆرم و لـە کەڵچـەر و جوانبینی، جیاوازیـی زۆر هەیە. بـۆ نموونە، لە تابلـۆی هونەرمەندێکـی رۆژهەڵاتـدا هێڵ پانتاییەکی گەورەی هەیە، پاشـان رەنگـی زەق و نەخش و مەوداکان واتە قووڵیـی رەهەنـدەکان، سـیماکانی رۆژهەڵاتییانـە بە ئاسـانی لەو خاڵ و توخمانەی پێشـوودا دەردەکـەون. لە تابلۆی هونەرمەندێکـی رۆژاواییـدا پانتایـی رەنـگ زاڵـە و کەمتـر هێـڵ دەردەکەوێـت. رەنگەکانیش تەماویـن و جیهانی خۆڵەمێشـی و کۆمەڵـە رەنگێکی سـارد و سـاکار بـاون و رەهەندەکانی قووڵایـی کەمتر دیارن.

هونەرمەند فەلاح شـوان دەشـڵێ: ئەو رەگەزانەی باسـم کردن هەندێکن لە خەسـڵەت و سـیمای گشـتیی هونەر لە رۆژهـەڵات و رۆژاوادا، کـەم و زۆر بـەدی دەکرێـن، هـەر وەك چۆن هونـەری ئەفریقی بە رەنگی زەق و نەخشـی گەورەی رووەك و زیندەوەرانی دەناسـرێتەوە، روخسـارەکانیش تەشـیلەیین. هەڵبەت ئەم فیگەرانە نەگۆڕ و چەسـپاو نیـن، بەتایبەتـی لـەم سـەردەمەدا کـە تەنانـەت قوتابخانەکانـی هونەریـش کەس گوێ بە یاسـا و رێسـاکانیان نـادات و هونەرمەندانـی هـەواداری ئەوانیـش هێنـدە پێگیـر و پەیوەسـتیان نابـن. ئەمرۆ، رۆژی سـتایلە، رۆژی تایبەتمەندیـی هونەرمەنـدە، کـەس بـە هیـچ چوارچێوەیەکەوە پابەنـد نییە. لە کەڵچەری هەموو دنیا سـوود ببینە، دەسـت بۆ هەر شـتێك ببەو سـوودی لێ ببینە، تەنانەت لـە خـۆڵ و خاشـاکیش دەتوانی سـوود ببینـی، سـنوورەکان بەرانبەر بـە جوانی تێـك شـکاون، بـە بێ پاشـخان و رۆشـنبیرییەکی هونەری تـۆ ناتوانی درك بە جوانـی بکەیـت. کەواتە بۆ ئەوەی جوانییەکی تازە پیشـان بدەیـت، دەبێت رێز لـە بینیـن و هـزری خۆت بگریـت، دەبێت لە شـتی باو دەربچیـت، گەر وا نەبێـت لە بازنـەی دووبارەبوونـەوە دەرباز نابیت.



# هولیا خانووەکەی بە کرێ دەدات

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی باکووری کوردستان هۆلیا ئەڤشار بڕیاری خانووەکەی بە کرێ بدات بە هۆی ئەوەی کە گەورەیەو ئەویش حەز ناکات چیتر بە تەنیا لەو خانووەدا ژیان بەسەر بەرێت.

خانووەکەی هۆلیا رووبەرەکەی ٧٥٠ مەتری چوارگۆشەیەو لە چوار نهۆم و ٨ ژووری خەوت پێکهاتووە، و کرێیەکەی مانگانە ٥٠ هەزار لیرەی تورکییەو لە بەرامبەردا هۆلیا بڕیاریداوە لە خانووەکی دیکەی بچووکدا بژیت لە ناوچەی ترابیا لە ئەستەنبول.

شایەنی باسە هۆلیا ئەڤشار کە ساڵی ١٩٨٣ توانی نازناوی شاجوانی تورکیا بەدەست بهێنێت، دوایین کاری هونەریی بریتی بوو لە بەشی یەکەمی زنجیرە درامای (کۆسیم) و تێیدا رۆڵی سوڵتانە سەفییەی بینی لە پاڵ بیرین ساتی ئەستێرەی ناسراوی تورکیا.

# بارنیتا به رۆڵەکانی رازی نییه



هەموو هەنگاوێکی له بواری هونەریدا سەرەتا به رۆڵێکی بچووك، یان لاوەکی دەستپێدەکات، بەڵام زۆر جار بەشێك له ئەکتەره لاوەکان سەرەڕای ئەوەی له سەرەتای قۆناغی هونەریدا کەچی به هۆی هەندێك هۆکارەکەوه وەك جوانی و ستایشی هەندێك له هونەرمەنده ناسراوەکان هەر زو داوای رۆڵی سەرەکی دەکەن.

بارتینی شۆپرای ئەستێرەی ناسراوی بۆلیۆد یەکێك لەو ئەکتەرانەی که سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست نەهێناوه بەتایبەتی له فررۆشتنی پلیتەکان که بگاته ئاستی ئەستێرەکان، بەڵام داوای رۆڵی سەرەکیی کردووه له چەند کارێك که پێشکەشی کراون.

لەم بارەیەوه سەرچاوەیەکی نزیك له شۆپرا رایگەیاند که تا ئێستا چەندین رۆڵی رەت کردۆتەوه، تەنیا لەبەر ئەوەی رۆڵی سەرەکیی پێ نەسپێردراوه، چونکه بەپێی سەرچاوەکه خاوەن توانایەکی هونەری زۆره که پاڵێوراو بێت بۆ بینینی رۆڵی سەرەکی و ئەو فیلمانەی که پێشتر بەشداری تێدا کردووه، شایەدی ئەوەن.



## شەیما عەباسی: له وڵاتی ئێمه گرنگیی زیاتر به هونەرمەندانی بیانی دەدرێت

له وڵاتی مەغریب گرنگییەکی زۆر به هونەرمەنده گەنجەکان دەدرێت، ئەمەش بۆته هۆی ئەوەی که به دەیان کوڕ و کچ له قۆناغه زووەکانی خوێندن روو له کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەره جوانەکان دەکەن، بەتایبەتی له بەشی سینەما و شانۆ، شەیما عەباسی یەکێکه لەو کچانەی که تا ئێستا بەشداری له چەندین شانۆگەری و ڤیدیۆ کلیپدا کردووەو چاوەڕێی دوارۆژێکی پرشنگداری لێ دەکرێت.

له لێدوانێکیدا بۆ گوڵان شەیما دەربارەی تێڕوانینی کۆمەڵگه بۆ هونەر و هونەرمەندان دەڵێ:

ئێستا له کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمەدا کۆمەڵگه تێڕوانینێکی نەرێنیی بۆ هونەر هەیه و پێموانییه ئەم تێڕوانینه به ئاسانی بگۆڕێت، بەڵام تێڕوانینی خەڵك به گوێرەی ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیرییان دەگۆڕێت، بۆیه هەندێکیان وەك هونەرمەند سەیری ئێمه دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان به سووك و سەرەڕۆ له ئێمه دەروانن، بەداخەوه له وڵاتی ئێمه ئەوەندەی گرنگی به هونەرمەندانی بیانی دەدرێت به ئێمه نادرێت.

سەبارەت به ململانێی نێوان شانۆ و سینەما له مەغریب دەڵێ: هونەر به بەهره دەست پێدەکات و به خوێندن کۆتایی دێت، ئەکتەر دەتوانێت پەره به تواناکانی خۆی بدات و سوود له هەڵەکانی رابردووی ببینێت، بەڵام به شێوەیەکی گشتی مەرج خوێندن ببێته هۆی ئەوەی ببیت به هونەرمەندێکی سەرکەوتوو، چونکه زۆر کەس هەن که له بواری هونەریدا بڕوانامەی زۆر بەرزیان هەیه و کەسیش نایانناسێت و بەپێچەوانەش راسته.

## ئەلیکساندرا داداریۆ:

# پێویستە ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەی زیاتریان لە هۆلیۆد هەبێت



ئەلیکساندرا داداریۆ ئەکتەرێکی ئەمریکیی سەرکەوتووە کە زۆر بە باشی ڕۆڵەکانی بەرجەستە دەکات، ساڵی ١٩٨٦ لە شاری نیویۆرك لەدایکبووەو ساڵی ٢٠٠٢ بەشداریی لەیەکەم کاری هونەریدا کردووە، لەگشت ئەو فیلمانەی بەشداربووە توانیویەتی ببێتە مایەی سەرنجی دەرهێنەران و بەرهەمهێنەران، دوایین فیلمیشی (San Andreas) بوو کە ڕۆڵی پاڵەوانی تێدا بینی. ئەلیکساندرا پاڵەوانی فیلمی (San Andreas) کە یەکێك بوو لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠١٦ بەتایبەتی لە ڕووی بازرگانییەوە. لە بارەی فیلمی (San Andreas) ئەلیکساندرا دەڵێت: ئەم فیلمە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی من و ڕۆڵی من تێیدا سەرەکی بوو و منیش بە شایەدی دەرهێنەر و بەشداربوونی فیلمەکە توانیم تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتوو بم و بە خاڵێکی وەرچەرخانی دەزانم لە ژیانی هونەری خۆمدا، چونکە فیلمەکە خۆی سەرنجڕاکێش بوو. لە بارەی کارەکانی داهاتووشی دەڵێ: بێگومان ئەو سەرکەوتنەی فیلمی (San Andreas) بە دەستیهێنا تەنیا بۆ من ناگەڕێتەوە، بەڵکو تەواوی ستافی فیلمەکە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو، بەڵام ئەمە ئەرکی منی قورستر کردووە، چونکە من یەکێك بووم لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی فیلمەکە، بۆیە پێویستە لە کارەکانی داهاتووم زیاتر خۆم ماندوو بکەم بۆ ئەوەی باشتر بێت و بەڵێنیش بە جەماوەر دەدەم. شایەنی باسە کە فیلمی (San Andreas) لە دەرهێنانی براد بیتۆن و لە پاڵەوانیەتی کۆلتون هاینزر، کارلا جوجینە، ئەلیکساندرا داداریو، دواین جۆنس، کیلی ماینۆگ و تەنیا لە هەفتەی یەکەمی نمایش کردنیدا نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە لە کاتێکی بودجەی گشتی فیلمەکە ١١٠ ملیۆن دۆلار بوو. سەبارەت بە جوانکاری و ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری لەلایەن ئەستێرە سینەماییەکانەوە ئەلیکساندرا کە بە جوانییەکەی ناسراوە، دەڵێ: بێگومان لە داهاتوودا لەسەر دەموچاوی من چەند چرچ و لوچێك دەبینن، لەوانەیە ئێستاش لەسەر دەموچاوی من چەند چرچ و لوچێك ببینن، بەڵام شتێك هەیە لە ژیاندا کە پێوەندی بەو لوچانەوە

هەیە و ئامادە نیم هیچ کاتێك ئەنجامی بدەم، ئەویش نەشتەرگەریی جوانکارییە هەرچەندە ڕەنگە دوور نییە بتوانم بە نەشتەرگەری ئەم لوچانە هیچ نەیێت کەمێك دوایانخەم، لە جیاتی ئەوەی خانمە ئەکتەرەکان بیر لە جوانکاری و چۆنیەتی دەرکەوتنیان بکەنەوە، وا باشترە بیر لەوە بکەن چۆن لە ڕۆڵەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن و پێگەیەکی باشتر و بەهێزتر لە هۆلیۆد بەدەست بهێنن شان بە شانی ئەکتەرە پیاوەکان. ئەلیکساندرا سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ئەکتەرەکانی هۆلیۆد ئەلیکساندرا دەڵێ: من زوو ڕووم لە نواندن کرد، ئەمەش وایکرد کە شارەزاییەکی زۆرم نەبێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە بەشی هەرەزۆری پێوەندی لە نێوان ئەو کەسانەی لە کەرتی نواندن کار دەکەن ڕاشکاوانە نییە، بۆیە پێم سەیرە خەڵك وا بیر دەکەنەوە کە پێوەندیی باش و بەهێز لە نێوان ئەستێرەکانی هۆلیۆد دا هەیە، چونکە زۆر جار نووسەر و ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن وێنایەکی وا دەربارەی ئەستێرەکانی دروست بکەن گوایە ئەوان یەکتریان خۆشدەوێت و پێکەوە دەژین وەك ئەوەی بڵێی لە بەهەشتدان، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و هەریەکیان دەیەوێت تایبەتمەندی و پێوەندییەکانی خۆی بپارێزێت. بەداخەوە لە ئێستادا خەڵك زۆر گرنگی بە بەڵینەکانی خۆیان نادەن، منیش ئەمەم پێ قبوڵ ناکرێ مردنم پێ باشترە لەوەی ناپاکی بەرامبەر بە هیچ کەسێك بکەم، بۆیە هاوڕێکانم سنووردارن. هەر سەبارەت بە پێوەندی نێوان خۆی و ئەکتەران دەڵێ: ئەکتەری سەرکەوتوو بە توانا و لێهاتوویی خۆی دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و کارێکی وا دەکات کە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران بەدوایدا بگەڕێن، بۆیە پێویستە ئەکتەر تەنیا بیر لە خۆی بکاتەوە، من یەکێکم لەو ئەکتەرانەی کە نامەوێ بە هیچ شێوەیەك ڕکابەریتی کەس بکەم و ئەگەر کەسێك هەبێت ڕکابەریتیی بکەم ئەوە تەنیا خۆمم، چونکە من بەدوای هەڵەکانی خۆمدا دەگەڕێم و هەوڵ دەدەم چارەسەریان بکەم و ئەو ڕۆڵەی پێم دەسپێردرێ بە باشترین شێوە بەرجەستەی بکەم لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەم سوود لە خاڵە بەهێزەکانی ئەکتەرانی دیکە وەربگرم بۆ ئەوەی بۆ خۆم سوودیان لێ وەربگرم، نەك بچمە بزانم خاڵە لاوازەکانی ئەکتەرانی دیکە چین و باسیان بکەم بێ ئەوەی خاڵەکانی خۆم لەبەرچاو بێت. سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسان کە زۆر جار دەبنە هۆی بێزارکردنی ئەکتەران بەتایبەت کاتێك لە کارە هونەرییەکانیان دوور دەکەونەوە و باسی شتی دیکە دەکەن، ئەلیکساندرا دەڵێ: ڕۆژنامەنووس و نووسەران هۆکاری سەرەکین لە سەرکەوتنی هونەرمەندان و کارە هونەرییەکانیان، بەڵام بەداخەوە بەشێکی زۆر ڕۆژنامەنووسان تەنیا بۆ پەیدا کردنی ناو و فرۆشتنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان گرنگی زیاتر بە هەواڵەکانی ژیانی تایبەتی هونەرمەندان دەدەن، چونکە دەزانن جەماوەر بە تامەزرۆییەوە بە دوای هەواڵی ئەستێرەکان دا دەگەڕێت و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە دەبێتە هۆی گەرم بوونی بازاڕیان، من بۆ خۆم تا ئێستا ڕووبەڕووی هیچ شتێکی لەم شێوەیە نەبوومەتەوە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، بەڵام هەست بەو ئازارە دەکەم کە ئەکتەران لەم ڕووەوە دەیچێژن و دڵنیام ڕۆژێك لە ڕۆژان منیش تووشی ئەم بارودۆخە دەبمەوە، بەڵام لە ئێستاوە بڕیارمداوە تا بۆم بکرێت وەڵامیان نادەمەوە، چونك وەڵام نەدانەوە باشترین وەڵامە بۆ ئەم جۆرە پڕوپاگەندانە. سەبارەت بە ڕۆڵی پاڵەوانیەتی و پێویستی خۆڕووتکردنەوە، یان وروووژاندن ئەلیکساندرا دەڵێ: من نامەوێ ڕۆڵی وروژێنەر و ڕووت ببینم و ڕەتی دەکەمەوە، چونکە نامەوێ لە دوای چەند ساڵی دیکە ڕۆڵە و نەوەکانم بەو شێوەیە بمبینن، هەروەها ئێستا ناوەڕۆکی زۆربەی فیلمەکان پێویستیان بەو جۆرە ڕۆڵانە نییە.

